# سوريا و هاوكيشه سياسيەكانى ناوچەكە، ئايا سوريا ئيسرائيل دەتوان بگەنە ڕێكەوتنێكى ئاشتى ... پارێزەر / هەڵكەوت حيكمەت مەلاعلى



ئايا سوريا و ئيسرائيل دەتوانن پاش سێ دەيە لە ناكۆكى كيشمەكێش كۆتاى بەم قەيرانە بەهێنن و بگەنە پرۆسەيەكى ئاشتى، ئايا سوريا كە لە لايەن ئەمريكا و ڕۆژئاواوە كەوتۆوەتە ژێر فشارێكى زۆرەوە تا چەند دەتوانێت خۆى لەم ئەزمەيە دەرباز بكات، يان چارەنووسى هەروەك ئێراق و دەسەلآتى بەعسى عێراق دەبێت، ئايا بەشار ئەسەدى سەرۆك كۆمار كە پێشان دەدات دەژى ديموكراسى و گۆڕانكارييە بنچينەيەكانە لە سوريا چارەنووسى وەك هەمان چارەنووسى سەدام دەبێت. ڕۆژگارێك كە حيزبى بەعس يەكێك بوو لە حيزبە بەدەسەلآتەكان و پێشڕەوەكانى جيهانى عەرەبى، بەلآم چەند سالێكە ئەستێرەى ئەفول كراوەو بەعسيەكانيش دەسەلآتى ڕابردوويان نەماوەو ناتوانن بيشيگەڕيننەوە.

ئەستێرەى ئەم حيزبە پاش شكستى عەرەب لە شەڕى شەش ڕۆژەى سالى 1967 سەرى هەلداو بەعسيەكان توانيان لە سوريا و ئێراقدا دەسەلآت بگرنە دەست ئەم حيزبە هەولى دا لە ولآت گەلێكى ترى عەرەبى وەكو سودان و لۆبنان بە هەمان شێوە بێتە نێو مەيدانەكەوە بەلآم سەرەنجام توانيان هەموو دەسەلآتى خۆيان لە ئێراق و سوريا دا كۆبكەنەوە.
حيزبى بەعس بە هۆى ئەوەى ڕێچكەيەكى نيزامى و شۆڤينيزميان هەبوو نەيان توانى بوو پێگەيەكى جەماوەرى دەستەبەر بكەن، هەر وەك چۆن ئەم حالەتە لە ئێراقدا ڕووى دا كاتێك كە ئەمريكا و هاوپەيمانانى ئۆپەراسيۆنيان دەژى ڕژێمى ديكتاتۆرى سەدام بەرپاكرد هيچ جۆرە روبەڕووبونەوەيەكى جەماوەرى ڕووى نەدا ئەگەر چى ئەوەى ئەمڕو لە ئێراقدا ڕوو دەدات پاش ئازادى ولآت دەستى ولآتانى دراوسێ ئێراقە كە دەيانەوێت لەو گۆشەيەوە حساباتى خۆيان يەكلا بكەنەوە. ئەم حالەتە لە سورياى دراوسێ ئێراق بە هەمان شێوە ڕووى دا كاتێك كە ئيسرائيل هێرشى ئاسمانى كردە سەر ئۆردوگاى حومە لە ديمەشق لە بەرامبەردا هێچ جۆرە كاردانەوەيەك نەبوو لە لايەن هاولآتيانەوە نە لە لايەن خودى ڕژێمى دەسەلآتەوە. هەلومەرجەكە ئەمڕوكە ڕۆژ لە دواى ڕۆژ تەنگەبەرترو قورستر دەبێت وە ئەم ولآتە بە شێوەيەكى گشتى كەوتوەتە نێوان كێشمەكێشى ئەمريكا و ئيسرائيل لە لايەك وە هەندێك لە ولآتانى ڕۆژ ئاوايى ئەوروپى بە تايبەتى فەرنسا لە پاش تيرۆر كردنى سەرۆك وەزيرانى پێشوى لۆبنان ڕەفيق حريرى. ئەمڕوكە لە نێو كاربەدەستە پايەبەرزەكانى ويلايەتەيەكگرتووەكانى ئەمريكادا جۆرە باسێك لە پەراوێز كردنى بەشار ئەسەدى سەرۆك كۆمارى گەنجى ئەو ولاتە دەكريت وە لە زۆربەى حالەتەكاندا فاكتەرەكان تێكڕا بۆنەتە هۆى ئەوەى بارودۆخەكە ڕۆژلە دواى ڕۆژ ئالۆزتر دەبێت و لە بەرژەوەندى سوريا دا نيە ئەگەر چى ئەم ولآتە چند جارێك لە ڕيگەى ئەميندارى گشتى

نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش لە نەتەوەیەکگرتوەکان خۆازیاری دەست پێکردنەوەی دیالۆگ دەکات لە گەل ئیسرائیل دا.

سوریا یەکێکە لە کۆمەلە ولاتانی عەرەبی کە دوچاری دوو کیشەی ئەساسی بۆەتەوە چ لە ئاستی ناوخۆ وە چ لە ئاست دەرەوەدا ئەم کێشانە توانێویەتی بەشار ئەسەدی سەرۆك کۆمار بخاتە حالەتێکی تەنگەوە:

یەکەم: کێشەکە نێوخۆیەو پەیوەندە بە نەبوونی ئازادی و دیموکراسی لەم ولاتەدا هەیە کە لە لایەن حیزبی بەعسەوە بەریوەدەچێت، ئەمانە بۆ تاکە جارێکیش نەگەڕاونەتەوە بۆ ڕای جەماوەر و ڕاپرسیان بە هاولاتیان نەکردەوە بۆ گۆڕانی هەر پرۆسەیەك لە ولاتدا بگرە بە پێچەوانەوە هەمیشە پەنایان بۆ کودەتای سەربازی بردەوە.

دووەم: کێشە ناوچەیی و نێو نەتەوەیەکانە کە ئەویش بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ولاتانی دراوسێ و بەربەست دروست کردن و زیاتر ئالۆز کردنی کێشەکان لە بەردەم ڕەوەندی ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. سوریا بە پی ئەو ڕاپورتانەی کە لە نێو نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایشدا ڕاگەیاندراوە دەستی هەیە لە کاروباری نێوخۆی هەر یەك لە لۆبنان و دەستێوردان لە کاروباری فەلستینیەکان ئەوەیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە پالپشتی کردن و پشتگیری کردنی ماددی بۆ ئەو گروپانەی کە ناخۆازن ئاشتی لە ناوچەکەدا بەرقرار بێت ئەمە جگە لەو دەستێوەردانە ڕاستەوخۆیانەی کە ڕۆژانە لە ئێراقدا تێبینی دەکرێت.

ناکۆکی نێوان ئەو دوو ولاتە دراوسێیە دەگریتەوە بۆ سەردەمانی پێشتر ئەو کاتەی کە هەردوو ولات سوریا ئیسرائیل بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ە پاش ڕوخاندن و لە نێوچۆنی ئەم ئیمپراتۆریەتە کەوتە ژێر ڕکێفی دەسەلاتی فەرنسا و بەریتانیا لەو سەردەمەدا، ئەم خالەتە تاکۆ پاش جەنگی جیهانی دووەم بەردەووام بوو سەرەئەنجام فەرنساویەکان سەربەخۆیان بە سوریا بەخشی وە بەریتانیەکان بە شێوەیەکی فەڕمی بە نەتەوەیەکگرتوەکانیان ڕاگەیاند کە ئەو کات تازە دامەزرابوو کە ئەوان چی دی نایانەوێت یان توانای بەریوەبەردن و کۆنترول کردنی بارودۆخەکەیان نیە چونکە ئەو کات عەرەبەکان و ئیسرائیلیەکان بە شێوەیەکی زۆر ئالۆز ناکۆکی کەوتەبووە نێوانیان. دوا جار نەتەوەیەکگرتوەکان پاس لێکۆلینەوە لە حالەتەکە بریاری دابەش کردنی ئەم سەرزەمینەیان دا بە دروست کردنی دوو ولاتی عەرەبی و ولاتی ئیسرائیل، بەلام ولاتانی عەرەبی هەر لە سەرەتاوە ناڕازی بوون بە دامەزراندنی ولاتێك بو ئیسرائیلیەکان، هەر لەم ڕوانگەیەوە لە سالی 1948 ئیسرائیل ئێعلانی بوونی خۆی کرد لە ناوچەکەدا. بەلام جارێکی تر ناکۆکیەکان سەریان هەلدایەوەو ئەم جارەیان بە ئاراستەیەکی تر دا کە خۆی لە نێوان دوو شەڕدا بینییەوە لە سالانی 1967، 1973 لەم شەڕەدا عەرەبەکان ئامانجی سەرەکییان لە نێو بردنی ئیسرائیل بوو کە دەرئەنجامەکانی پێچەوانە دەرچوون عەرەبەکان ڕوبەڕوی شکستێکی گەورەبونەوە بە جورێك کە لەو شەش ڕۆژەی جەنگدا ئیسرائیل توانی جگە لە هەموو خاکی فەلستین و بیابانی سینا بەرزاییەکانی جۆلان و باشووری لۆبنان کە بە مەزرعەکانی شەبع ناسراوە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ڕیكەوتنی كامپ دیڤید،
بە پێ ئەم ڕیكەوتن نامەیە ئیسرائیل لە بیابانی سینا چووە دەرەوەو لە گەل میسردا گەیشتنە ڕیكەوتن، باشووری لۆبنان لە سەردەمی یەهودباراك دا چوڵ كرد ئامادەباشی نیشان داوە هەر كاتێك ئەو گرۆپانەی كە لە نێو لۆبنان دان چەك دابنێن ئەوا لە كێلگەكانی شەبەعیش دەچیتە دەرەوە. لە ڕوانگەی ئاشتی و دوستایەتی كردن لە گەل وڵاتە عەرەبیە دراوسێكانیدا دورگەی عەقەبە و ئەو ناوچەیەی كە لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو گەڕاندەوە بۆ دەسەلاتی ئەردەن، لە چەن هەفتەی ڕابردوودا كەناری غەزەی بە جێهێشت بۆ فەلەستینیەكان بەم شێوەیە ئەو ناوچانەی كە لە ژێر دەسەلاتی ئیسرائیل دابوو لە ئەنجامی ئەو شەڕانەی كە لە نێوانیاندا ڕووی دابوو بەدەست هاتەبوو تەها بەرزایەكانی جۆلان لە سوریا و كەناری ڕۆژئاوای دورگەی ئەردن تاكو ئیستا لە ژێر دەسەڵاتی ئیرائیل دا ماوەتەوە. بە درێژایی ئەو سالانەی كە گفتۆگۆی ئاشتی لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل دا هەبووە سوریا بە هۆی چەوت و نێگەتیڤی كە پەیڕەوی دەكات بەردەوام لە ڕەوەندی گفتۆگۆكاندا كاریگەری نێگەتیڤانەی هەبووە لە ڕوداوەكاندا وە بە پشتگیری كردن لە گرۆپە شەڕ خوازو ئانارکییەكان هەوڵی داوە بەربەست دروست بكات لە نە گەیشتنی هەردوو لایەن بە چارەسەركردنی ناكۆكیەكانی نێوانیان. ئەم وڵاتە بۆ بەرەو پێشبردنی ئارمانجەكانی خۆی هەوڵی دا كە لۆبنان زیاتر لە دوو دەیە كە لە ژێر دەسەڵات داگیر كراوی خۆی دابوو ڕاپێچ بكات بەلام ئەمڕۆكە بارودۆخەكە لە ناوچەكە دا گۆڕانی بە سەر داهاتەوە و حالەتەكە ڕۆژلە دوای ڕۆژ لە بەرژەوەندی ئەم وڵاتەدا نیە، سوریا ئەمڕۆكە دەركی بەوە كردەوە ئەگەر بێتو نەتوانێت چارەسەری ناكۆكیەكانی بكات لە گەل هەر یەك لە ئەمریكا و ئیسرائیل دا ئەوا نەك تەنها ناتوانێت جۆلان دەستەبەر بكاتەوە بەڵكو مانەوەی حكومەتەكەی بەشار ئەسەدیش ڕوبەڕووی خەتەر دەبێتەوە هەر لەم سۆنگەیەوە كە سوریا لە دوو نامەدا كە ئاراستەی نەتەوەیەكگرتووەكان و ئەنجومەنی ئاسایشی كردەوە بۆ دەست پێكردنەوەی خولێكی نۆی گفتۆگۆكان لە گەڵ ئیسرائیلدا. ئەمڕۆكە سوریا تەنها كێشەی نیە لە گەل ئیسرائیل دا بەڵكو جگە لەو كێشە نێو خۆیانەی كە هەیەتی كە خۆی لە پێشل كردنی مافەكانی مرۆڤ و دان نەنان بە مافە نەتەوەیەكانی گەلی كورد و بە زیندانی كردنی هەزاران هاوڵاتی لە هەموو چین و توێژەكان كۆمەل لە نێو زیندانەكانی ئەو وڵاتەدا ڕەوشەكەی بۆ ئەم وڵاتە و دەسەڵاتدارانی تەنگەبەر كردەوە ئەمە جگە لەوەی كە ڕوبەڕووی كیشەیەكی نێو دەوڵەتی بوەتەوە ئەویش پاش تیرۆر كردنی سەرۆك وەزیرانی پێشوی لۆبنان كە بە پێ لیكۆلینەوەكان ئەوە دەسەلمێنێت كە ئەو وڵاتە دەستی ڕاسەوخۆی هەیە لە ڕوداوەكەدا دەرئەنجامەكەشی دەرچوونی پرۆژەی بڕیاری 1636 نۆی ئەنجومەنی ئاسایش كە ئاماژە بەوە دەكات ئەگەر بێت و سوریا تاكو ئەو ماوەیەی كە دیاری كراوە بۆ تەواو كردن پۆختە بوونی ڕاپورتەكە هاریكاری نەكات ئەوا ڕوبەڕووی زۆر كیشەی تازە دەبێتەوە كە ئەگەر بچوكترین سزادانی ئەم وڵاتە خۆی لە ئابلۆقەی ئابووری نێودەوڵەتی بە سەر ئەم وڵاتەدا بەبینێتەوە ئەوا سوریا دوچاری قەیرانێكی زۆر گەورە دەبێتەوە كە تەحمول كردنی زۆر گران دەبێت. بە هەر حال ئەوەی كە ئەمڕۆكە تێبینی كراوە ئەو سیاسەتەی كە سوریا لە ناوچەكەدا بە تایبەتی وڵاتانی دراوسێ ئەمرۆ پەیڕەوی دەكات بە هیچ جۆرێك جیگای ڕەزامەندی ویلایەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئیسرائیل نیە وە بووەتە هۆی ئەوەی كە ئەم وڵاتە بكەویتە چوارچیوەیەكی بەرتەسكەوە.

پارێزەر / هەڵكەوت حیكمەت مەلاعلی
سوێد. 6 / 11 / 2005